# دەستوری هەمیشەیی عێراق، ئایندەیەکی مەترسیدار بۆکورد

کاروان محەمەد تەیب*




شۆڕش لەئەنجامی توندوتیژی دژی کۆمەڵێك سەرهەڵدەدا. بەجۆرێك بەرەی خۆسەپێن خۆی بەخاوەنی ڕاستی دەزانێت، لێرەشدا ئایدۆلۆجیا بەسوود وەرگرتن لەکەلتور بەگەڕەدەخرێت، بۆبزواندنی مرۆڤ، لەپێناوی سەرخستنی ئامانجێکدا. ئامانجیش داینامیکی کۆمەڵایەتیە. ئەوەندەی پێناچێت چینێکی چەوساوە لەکۆمەڵدا پەیدا دەبێت. ئەوەی ئێمە باسی دەکەین شۆڕشێکە لەئەنجامی سەرکوتکردنی نەتەوەیەك بەرامبەر نەتەوەیەکیتر. ئەوشۆڕشەی کورد بەرپای کرد لەپێناو وەدەستخستنی مافی گەلی کورد(لەکوردستانی باشور-عێراق)دا، قوربانیەکی زۆری پێویست بوو، بۆئەمەش کورد چەندین قات ئەو قوربانیەیدا، بەلاّم لەئەنجامدا، دەستورێکی ئایندە نادیاروپڕ لەسەختی و دژواری و وەدەستخست، ئەوەش ئەو دەستورەیە کە بۆ عێراق داڕێژراوە.

?ئەگەر سەیری یەکەم دێڕی دیباجەی ئەم دەستورە بکەین، دەبینین لەووتارێکی سیاسی دەچێت نەك دیباجەی دەستوری هەمیشەیی عێراق. ئەوەش هەڵەیەکی گەلێك گەورەیە ئەگەر بووترێت عێراقیەکان هەموویان ڕۆڵەی میزۆپۆتامیان، هەروەك لەم دەستورەدا لەیەکەم ڕستەی دیباجەکەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:"ئێمەی ڕۆڵەکانی میزۆپۆتامیا" چونکە بەشێك لەڕۆڵەکانی ئێستای عێراق میزۆپۆتامین نەك هەموویان. ئەگەر نا هەرچی عەرەبی عێراقە ڕۆڵەی نیمچە دوورگەی عەرەبن، نەك ڕۆڵەی میزۆپۆتامیا، کەئەوەندە نابێت بەرەو عێراق لەپێناوی وەدەست خستنی لەوەڕگا کۆچیانکردوە بۆئەم ووڵاتە، پاشانیش لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا ژمارەی عەرەب لەباشوری عێراقدا زیادی کرد.

?ئەو دیموکراسیەی کەلەبەشی یەکەم(سەرەتا بنچینەییەکان) ئاماژەی پێکراوە، دیموکراسیە بەومانایەی کەلەزۆر ڕژێمی تۆتالیتاری و نیمچە تۆتالیتاری بەکاردەهێنرێت، نەك ئەو دیموکراسیەی کەژێر خانێکی ئازادی گەورە پشتیوانی دەکات و ڕای گرتووە. لەم دەستورەدا بەزەقی ئاماژەکراوە بەبایەخدان بەخێڵ وکاروبارەکانیان، کە ئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادی تاك وکۆمەڵ و دیموکراسی و پەرەپێدان. ئەمەش لەکاتێکدا دەبووایە بەزەقی ئاماژە بەدژایەتی خێڵەکیەت بکرایە، ئەمەش لەپێناوی دووبارەنەبوونەوەی ئەزموونی پێشووی عێراق. ئەگەر باش لەکۆمەڵ بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت دیاردەی خێڵەکیەت ڕێگرێکی زۆر گەورەیە لەبەردەم پەرەپێدانی ئازادی تاك وکۆمەڵ. ئەگەر چی باسی ئەوەکراوە کاروباری خێڵ و هۆزە عێراقیەکان بەیاسا ڕێکبخرێت، ئەمە شتێکی هەڵە و خۆگێلکردنە لەبنەما چلکنەکانی خێڵگەری. لەخێڵەکیدا واهەست دەکرێت خێڵ ئێمە دەپارێزێ نەك یاسا. ئیدی چۆن کاروباری خێڵ بەیاسا ڕێکدەخرێت؟!!

?بوونی ئەم جۆرە ووشانە لەدەستوردا ئاماژە بەبوونی عەقڵی خێڵەکی ئەکات لەنێو لیژنەی نووسینەوەی دەستوردا، کەبنەماکانی خێڵەکیەت تاسەر ئێسك کاری تێکردووە.

?سەبارەت بەوتەنازولاتانەی کەکورد لەم دەستورەدا کردوونی، گەلێك گەورەن، بەهیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن لەگەڵ تەنازولاتی لایەنەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی عەرەبەکان. جێگیرکردنی ئەوەی کە " نەوت وگاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لەهەموو هەرێم و پارێزگاکاندا" پێداگری عەرەب بوو، وەلایەنی کوردی تەنازولی لێکرد. ئێمەش دەپرسین: تۆبڵێی ئەم تەنازولەی کورد لەبەرامبەر کام دەسکەوت و تەنازولی عەرەبەکاندا بووبێت؟؟!!!

?مادەیەکی مەترسیداری تر بۆکورد، مادەی (١١٥)یە کە دەڵێت:"هەرپارێزگایەك، یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێك پێکبهێنن، لەسەرداوایەك کەڕاپرسی لەسەربکرێت بەیەکێك لەم دووڕێگایانە، یەکەم: داوایەك لەسێ یەکی ئەندامانی هەرئەنجوومەنێك لەئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی کەدەیانەوێت هەرێمەکە پێکبهێنن. دووەم: داوایەك لەدەیەکی ١٠/١دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کەدەیانەوێت هەرێمەکە دروست بکەن". ئەمە یەکێکە لەوومادانەی کە لەڕاگەیاندنەکانی لایەنە دەسەلاّتدارەکاندا نەخرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە، تاخەڵکی کوردستان وکەرکوکی لێ ئاگاداربکرێتەوە لە مەترسیەکانی، ئەگەر هاتوو بارودۆخی کەرکوك ئاسایی‌کرایەوە؟؟!! کەلەدەستوردا ئاماژەی پێکراوە، ئەواعەرەب و هەندێك لەتورکمانەکان توانای گەلێك زیاتریان هەیە لە(١٠/١). ئەمەش بۆیەکێك ئەگەر لەعەرەب و تورکمانەکانی ئەوشارەوە نزیك نەبێت نازانێت لەکەرکوکدا چ باسە. وابزانم قەزاکانی حەویجەو ڕیاز کەدەکەونە ڕۆژئاوای کەرکووکەوە و سەربەوشارەن، کافیە بۆئەوەی ئەو پارێزگایە هەرێمێك دروست بکات و نەچێتەوە سەرهەرێمی کوردستان. بۆڕوون بونەوەی ئەمەش ئایندە چاوەڕوانە. لێرەشەوە ئەگەر لەڕابردودا کەرکوك لەڕووی شوێن و هەرێم و ئیدارەوە... هتد) سەربەکوردستان یاخود ویلایەتی موسڵ یان ناوچەکانی سەرووی شاخی حەمرینەوە بووبێت، ئەوا لەئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، لەڕێگەی ڕیفراندۆمێکەوە، کەهەموو ڕابردووە مێژوویەکەی لێ دادەبڕێت. وەلە ئایندەدا ئەمری واقیع، بارێکی جیاواز لەڕابردوو بۆئەو شارە بنیات دەنێت.

?لەمادەی(٥٨)داهاتووە:"دەبێت باردۆخی ئەو ناوچانەی لەنێویشیاندا کەرکوك-بەپەلە ئاسایی بکرێتەوە کەحوکمەتی پێشوو بارە دیمۆگرافی و ئیداریەکانی شێواندووە. بەلاّم دەستوری هەمیشەیی عێراقیش پەسەندکرا کەچی هەر هەنگاوی باش نەنرا بۆچارەسەری ئەوکێشەیە. کەبێگومان چارەسەری ئەوکێشەیە پەیوەندیدارە بەکێشەی کورد لەکوردستانی عێراقدا. وەچارەسەری کێشەی کەرکوك بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی(کۆمیسیۆنی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکی موڵکداری و خانووبەرە) پاشان لایەنەکانی دیکە بەپلەی دووەم.

?لەچوارچێوەی مادەی(٥٨) دا هەندێك خێزان گەڕێنراونەتەوە، بەرامبەر بەبڕێك پارە کەئەوەش تەنها بۆلایەنگرانی هەردوو پارتی دەسەلاّتدار بووە، لەکاتێکدا دەبووایە بەبێ جیاوازی ئەو بڕەپارەیە دابەشبکرایە.

?مادەی(٥٨) لەدەستوری هەمیشەییدا ئاماژەی بۆکراوەو لە بڕگەی یەکەمی مادەی (١٣٦)دادەڵێت:"دەسەلاّتی جێبەجێکردن ئەو هەنگاوە پێویستیانە دەگرێتەبەر، بۆ تەواوکردنی جێ بەجێکردنی مادەی(٥٨) بەهەموو بڕگەکانیەوە". لەبڕگەی دووەمدا دەڵێت:"دەبێت، ئاسایکردنەوە، سەرژمێری، ڕاپرسی...هتد ئەنجام بدرێت". ئەمەش لەماوەیەکدا دەبێت کەنابێت لە(٢٠٠٧/١٢/٣١)تێپەڕبکات. بەلاّم ئەم بڕگەیە هیچ لەمەترسیەکانی مادەی(١١٥) کەم ناکاتەوە.

?خاڵێکیتر کەکورد زۆر جەختی لەسەر ئەکردەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی بەئایندەی کوردەوەهەیە مافی چارەی خۆنووسینە. لایەنی کوردی هەوڵیدەدا ئەمە وەکو مادەیەك بچەسپێت لەدەستوردا بەلاّم ئەمەشیان کرد بەقوربانی داخوازییەکانی عەرەب. لەبەرامبەردا لایەنی کوردی دڵی بەو چەند ووشەیە خۆشە کەلەکۆتایی دیباجەکەدا هاتووەو دەڵێت:"پابەند بن بەم دەستورەوە یەکێتی سەربەستانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێت" یاخود "ئێمەی گەلی عێراق کەپەیمانی بەخۆ داوە بەهەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانیەوە بە ئازادی و ئارەزوومەندانە بڕیاری فیدرالیەتی خۆی بدات". تۆبڵێی ئەم ووشانەی کۆتایی دیباجەی دەستور، کەلە چ پێچ و پەنایەکەوە بگاتەوە بەمافی چارەی خۆنووسین؟؟

?سەرەڕای ئەو هەموو تەنازولاتەی کورد، عەرەبی سوونە بەوە نارازییەو بانگەشە بۆئەوەدەکات کە دەبێت عێراق بەشێك بێت لەنەتەوەی عەرەب. ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی پێشووی عێراق لەم ڕەهەندەوەسەری هەڵداوە.

?پاش داڕشتنی دەستورەکە بەڕێکەوتنی تەوافوقی زۆربەی لایەنە عێراقیەکان و ئەمریکا و ڕیفراندۆمی لەسەرکرا، بەلاّم لەم ڕیفراندۆمەدا ساختەیەکی زۆرکرا، ئەویش لەبەرژەوەندی جەماعەتی (بەڵێ بۆ دەستوور).

*خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی

**لەخێڵەکیدا واهەست دەکرێت خێڵ ئێمە دەپارێزێ نەك یاسا. ئیدی چۆن کاروباری خێڵ بەیاسا ڕێکدەخرێت؟!!**

---

تیر

# هاووڵاتیان شایستەی حکومکردنن

خالید عەلی قادر-کۆلێژی یاسا

کاتێك حکومەت نەتوانێت ڕیگاچارەیەکی گونجاو بۆ گیروگرفتەکانمان بخاتەڕوو، نەتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئەوە ئەوکات بەبڕوای من دووربینی وامان لێدەکات کە ئێمە بیرو بۆچونی ئەوان(حکومەت) وەرنەگرین، بەووەرنەگرتنی دەلیلەکانی دەسەلاّت دەگەینە ئەم ئامانجە(لە ناو کەسانی بەئەزموون و شیاوو لێهاتودا(حکومەت) ناتوانین هیچ کەسانێك بەو متمانەیەوە بدۆزینەوە کە شایەنتر بێت لە کەسانی ئێستا(هاولاّتی) دەسەلاّتی بەڕێوەبردنی پێبسپێرین).

ئەگەر هاولاّتیان نەچنەژێر باڵی حکومەت و دەسەلاّت، کێ دەبێ حوکم بەسەرهاولاّتیاندا بکات؟ ئایە قبوڵنەکردنی دەسەلاّت چەند پرسیاریگران و بێ وەلاّم دەهێڵێتەوە؟ باشە هاولاّتیان مافی خۆیان نییە کەبەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بیروڕای خۆیان دەربڕن، لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکان و ڕەخنە لەپلەوپایەکانی حکومەت و خودی دەسەلاّت و سیستمی بەڕێوەبردن و سیستمی ئابوری وسیاسی و ئایدیۆلۆژی بگرن.

ئایە.. هاولاّتیان و سەرانی حکومەت پێویستیان بەخەڵکانی پسپۆڕو شیاوو ڕاستگۆ نیە؟ بێگومان بەڵێ، گرنگی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەوەدا دەبینرێت لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا دەوڵەت زیاتر بجولێنن. دەیکەوایە بۆچی ڕێگەنادرێت بەئەو کەسانە کەلەبواری بەڕێوەبردندا شارەزاو لێهاتوو ڕاستگۆن لەگەڵ هاولاّتیاندا تابڕیاری سالمبوونی حکومەت بدەن، بۆ ڕێنماییکردنی حکومەت بەرەو مەبەستی خۆی؟ لێرەدا پێویستە بوترێت کە دەوڵەت بدرێت بەدەست کەسانێکەوە لە قولاّیی دڵەوە باوەڕیان بەخۆشگوزەرانی و بەختەوەری خەڵك هەبێت و تێگەیشتنیان لە بوارەکاندا لە خەڵکی ئاسایی زیاتر بێت.

بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێویستی بە شتێکی زۆر زیاتر هەیە لە تێگەیشتووی زانستی تایبەت، زانستی حکومڕانی وەك زانستی فیزیك یان کیمیك نییە بەڵکو زانستێکە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ئاکاری هەیە، دەبێت حکومەت ئەو ڕێبازەی کە هەیەتی وەکو ئامانجێك بۆبەدەستهێنانی مافەکانی هاولاّتیان بیخاتەڕوو ئەوەش لە (دادپەروەری، ئازادی ڕادەربڕین، سەلامەتی ژیان، ئینساف، بەختەوەری، ئاسایش، خۆشگوزەرانی، یەکسانی، هتد)دا خۆی دەبینێتەوە. دواتر هەرچەندە حکومەت کارامەو لێهاتوو پەیوەست بێت بەلاّم جێگای داخە کەزۆربەی ئەندام و بەربرسانی لایەنەکان کە دەسەلاّتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەئەستۆ دەگرن لە سەرەتادا ژیرو شایان و باشبن، بەلاّم لە درێژەی کارەکانیاندا دەستدەکەن بە کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لە دەسەلاّت، ئەزموونی چواردەساڵ حکومڕانی، گەلێك شتی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، بەدڵنیاییەوە یەکێك لەو ئەزمونە تالاّنە ئەوەبوو لەڕیگای گەندەڵبوونەوە بەرپرسانی حزبی و حکومی روبکەنە واسیتەو واسیتەکاری و کەڵکوەرگردنی نابەجێ لەپاوانی دەسەلاّت و کورسی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی ڕەخنە و دابەشکردنی ماڵ و سامان و زۆرشتی تریش، ئەم کارانەش گیروگرفتی ولاّت دژوارتردەکات و سەرئەنجامیش ریگاچارەیەکی گشتگیر بۆ دەربازبوون لەم گرفتانە بەدینایەت، بەلاّم تەنانەت ئەگەر نەشتوانین لێی هەڵبێین دەتوانین لەگەڵی روبەڕووبین.